# گەنجە و، سیاسەت و، ئەرکی حیزبەکان



ئاری هەرسین

**بۆ کۆمەڵگەیەک** کە ژێردەستەی داگیرکەرێکی بێگانە بێتی نیشتیمانی ئازادی لێ زەوت کرابێت، سیاسەتکردن هەڵبژاردنێکی ئازادانە نیە، بەڵکو ئەرکێکە کە هەلی مەرجی کۆمەڵگەکە لەسەری فەرز دەکات. لەسەردەمی ژێردەستەیی نەتەوەییدا نەتەوەیەک بە کرێکار، جوتیار، مامۆستا، هونەرمەند، شاعیر، ڕۆشنبیری هەموو توێژەکانیەوە (کەم یان زۆر) بەشداری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی دەکەن. هەرچی گەنجیشە وەک هەموو تاکێکی تری کۆمەڵگەی ژێردەستی نیشتیمان داگیرکراو، بێبەش نیە لەو بارە سەختەی کە بە کۆڵ کۆمەڵگەکەوەیە.

لە ئێستادا کە بەشێکی هەرە زۆری باشوری کوردستان ئازاد کراوەو کورد لە هەرێمی کوردستاندا خاوەنی حکومەت، پارلەمانی قانونی خۆیەتیی، سیاسەتکردن هەڵبژاردنێکی ئازادانەیە. ئایا شوێنەواری گەنج لەسەر تەختەی شەترەنجی سیاسی کوردستان لە کوێیە؟ ئایا گەنجی ئەمڕۆ، سبەی ڕۆژ چۆن ئیدارەی وڵاتەکەمان دەکەن؟ ئایا هەر دەبێ گەنج سیاسەت بکات؟ ئەرکی حیزبە سیاسیەکان لە پێگەیاندنی ئەوگەنجانەی دەست لە کاری سیاسیەوە وەردەدەن چیە؟ لێرەدا هەوڵ دەدەم چەند سەرنجێکی سەرپێیی لە ناوەڕۆکی ئەم پرسیارانە بدەم.

زۆر کەس وا دەزانن کە وڵاتێک لەدەست داگیرکەر ڕزگاری بوو، ئیتر کۆتایی کارە. ئەمە کوشەندەترین بۆچوونە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا، چونکە ئیشە سەرەکیەکە ئەوکاتە دەست پێدەکات کە وڵات ئازاد کرا. ئەویش چونکە، کە وڵات ئازاد بوو پێویستی بە بەڕێوەبردن هەیە. ئەم بەڕێوەبردنەش بە هەوانتە ناکرێت. وڵات پێویستی بە ڕێگەوبان، سەرچاوەی ووزە، نەخۆشخانە، خوێندنگا، پۆلیس، سەربازی سیستەمی دادی.. تا هەیە. دابینکردنی ئەم هەموو پێداویستیە بە ڕۆژی دوو ڕۆژ ناکرێت. بۆ ئەوەی دانیشتوانی وڵاتێک خۆشبەخت بن پێویستە بەڕێوەبردنی وڵاتەکە لە لایەن کەسانی ژیری دلسۆزەوە بکرێت.

ئەوەشی کە لە هەموو کەس ڕۆڵی بەرجەستەتری دیارترە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا سیاسەتمەدارەکانن.

زۆربەمان گلەیی لەوە دەکەین کە بەڕێوەبردنی وڵات لەم هەرێمی کوردستانەدا بە چاکی بەڕێوە ناچێت. لەوێدا ئەوەمافی خۆمانە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە بەرامبەر ئەو مافەدا بەرپرسیاریتیشمان لەسەر شانە. ئێمەی هاوڵاتیان مەسئولین لەوەی هەر یەک لە شوێنی خۆیەوە بەویژدانێکی دڵسۆزانەوە کاری چالاکیەکانی خۆمان بەڕێوەبەرین. ئەگەر ڕۆژنامەنوسین، راستیەکان وەک خۆی بدەینە خوێنەرانی، لە (هیچ)، شت بۆ کەس (هەڵنەبەستین)، بێلایەنی خۆمان بپارێزینی نەبینە بلەنگۆی هیچ کەسیلایەنێک. ئەگەر مامۆستاین جیاوازی قوتابیەکانمان نەکەینی، هەژاری دەوڵەمەند، قەڵەوو زەعیف، زیرەکی تەممەڵ،بە یەک چاو سەیر بکەین (ووشەی تەممەڵ لە زمانی کوردیدا بە هەڵە بەکاردێت، چونکە تەممەڵ ئەو کەسەیە کە تاقەتی خۆماندوو کردنی نیە، نەک ئەو کەسەی کە مێشکی هیچ وەرناگرێت)، هەروەها لە بواری پیشەکانی تردا.

لە وڵاتی ئێمەدا کەمن ئەو گەنجانەی کە بە سەربەخۆ دەست لە کاری سیاسیەوە وەردەدەنی، زۆربەیان لە ڕێکخراوی حیزبەکاندا پەروەردەدەکرێن. ئەمەش شتێکی ئاساییە، تا ئەو کاتەی حیزبەکان بیری سیاسی ئەم گەنجانە لەسەر سیستەمێکی ڕەخنەگرانە را بهێنن.

واتە فێریان بکەن بە بەردەوام بە چاوی ڕەخنەوە بڕواننە بۆچوونی چالاکیەکانیانەوە. ئەگەر ئینسان لەسەر ئەو سیستەمە راهات، چی دی خۆی بە پێوەری هەموو راستیەکان نازانێتی، کەسایەتیەکی کەللە ڕەق دەرناچێت. ئەرکێکی تری حیزبەکان ئەوەیە کە گوێ لە بۆچونی ئەوگەنجانە بگرن کە لە ڕێی ڕێکخراوەکانیننەوە لێیان کۆبونەتەوە. ئینسان کە زانی گوێی لێ دەگیرێت، هەست دەکات ڕێزی بۆ دادەندرێت، کە ئەو هەستەشی لا پەیدا بو ئاسانتر بەرەنگاری ئەو ڕەخنانە دەبێتەوە کە لێی دەگیرێتی، ئاستی هەست بە مەسئولیەت کردنیشی بەرز دەبێتەوە.

پەروەردەی سیاسی گەنج زۆر ئاسانە، بەڵام ئەگەر بە وورباییەوە نەکرێت ئەوا دیکتاتۆری دەعەجانی سەیری سەمەرەی لێ دروست دەبێت. یەکێک لەو ئامێرانەی کە کوشەندەن لە پەروەردەکردنی سیاسی گەنجان (شیعارات)ن. دارشتنی ئایدۆلۆژیای گەنج لەسەر بنەمای شیعارات، وەک دەرخکردنی وانەکان وایە. بەڵام موشکیلە ئەوەیە دەرخ کردن تێگەیشتن نیە. ئینسان کە شتێک دەرخ دەکات، ئەو شتە لە شوێنێکی مێشکدا دەپارێزێتی، هەرکاتێک پرسیاریان لەسەر کردەوە، وەکو توتی دەیلێتەوە. توتیش بۆیە زمان زان نیە، چونکە قسەی خەڵکی تر دوبارە دەکاتەوەو، خۆی هیچی نیە بیلێت. بە کورتی توتی ئیبداعی نیە.

مەسئولیەتێکی دیکەی حیزبە سیاسیەکانمان ئەوەیە کە لەبری بە ئایدۆلۆژیاکردنی بۆچوونی گەنجەکان، فێریان بکەنی هانیان بدەن بە ئاراستەی پێداویستیەکانی کۆمەڵگە بیر بکەنەوەو، لەسەر سیستەمێکی مەنتیقی بە دوای چارەسەری کێشەکاند بگەڕێن. گرنگ ئەوەنیە کەسێ بتوانێت پێناسەی (دیموکراسی) بکات، گرنگ ئەوەیە سیستەمی بیرکردنەوەی ئەو کەسە دیموکراسیانە بێت. پێناسە کردنی دیموکراسی ئەرکی زانکۆی ناوەندە زانستیەکانە. ئەو گەنجانەی لە ڕێخراوی حیزبەکاندا چالاکن، زۆر گرنگە بیر بکەنەوە کەئەگەر ئەوان بونە وەزیری ئەندامی پارلەمان کێشەکانی سیستەمی پەروەردەی تەندروستیی ووزە لە کوردستان چۆن چارەسەر دەکەن؟ نەک دابنیشن ڕۆژانە پەیڕەوو پرۆگرامی حیزبەکەیان تیۆریزە بکەن. پەیڕەوی حیزب دەستورێکی ناوخۆیە بۆ ڕێکخستنی ئۆرگانەکانی حیزبی، دواجار پرۆگرامی حیزبیش هێڵە گشتیەکانی ئایدۆلۆژیای حیزبن زۆر بە چڕی، کە پێویستە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا ڕەنگ بدەنەوە. حیزبەکان دەبێت عەقڵیەتی گەنج بەوە رابهێنن کە حیزب فەرمانگەیەک نیە خەڵک تێیدا ببێتە فرمانبەری مانگانە مووچەی لێوەرگرێت، بەڵکو هەڵبژاردنێکی ئازادانەیەی، تەواو بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگای دیموکراتدا ئەندامان ئابونە دەدەنە حیزب. بەو جۆرە گەنج فێردەبێت بۆ بژێوی ژیانی ماندو بێتی بەدوای کاردا بگەڕێت، نەک لە تەمەڵخانەی حیزبدا بێ ئیشی بێ کار بسوڕێتەوە.

هەرچی گەنجەکانیشن کە دەست دەدەنە کاری سیاسی، دەبێت لە هەست بە مەسئولیاتکردنەوەبێت. دەبێت خەوێکیان هەبێتی مەراقیان بێت ئەوخەونەیان بێتە دی. نەک لەبەر ئەوەی ئیمتیازێکی پێوەرگرن، ئیتر ئەو ئیمتیازە هەر چیەک بێت. چونکە ئەو گەنجەی ئەمڕۆ لەبەر بەرژەوەندی خۆی توخنی سیاسەت دەکەوێت، سبەی ڕۆژ کە گەیشتە دەسەڵات، سیاسەتمەدارێکی فاشیلی گەندەڵ دەر دەچێت. وڵاتێکیش بە خەڵکانی فاشیلی گەندەڵ بەڕێوە ناچێت.

# گەردەلوول یان ڕۆژمێری یەکێتی !



نەریمان خۆشناو

**گەلی کورد** یەکێکە لە ڕەسەنترین گەلەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە، ئەم گەلە لە سەرەتای پەیدابوونییەوە تا هەنووکە دەیەها شۆڕش و ڕاپەرینی دژی داگیرکەران ئەنجام داوە، دیارە لەو شۆڕش و ڕاپەرینەکانیش ڕۆڵەکانی گەل بەشدارییان کردووە. ئەمە سەرەتای چوونە ناو باسەکەمانە بۆناو بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی کە گوایە گوزارشت لە بەشێکی مێژووی نەبەردی گەلی کورد دەکات، کە بەداخەوە ئەو درامایەش ناوی گەردەلوولە و زۆر لایەنی راستی مێژوویی بە لاوە ناوە، چونکە ئەم بەرهەمە ڕۆژمێری یەکێتییە نەوەک گەلی کورد بەگشتی، بۆیە پێم چاکە لێرەدا هەندێ هەڵە لە هەڵە زەقەکانی ئەم ڕۆژمێرە بخەمە ڕوو دیارە خەباتی گەلی کورد تەنیا بە یەکێتی نەبەستراوەتەوە، بەڵکو هەموو کۆمەڵانی خەڵک بەشدارییان تێدا کردووە، ئەمە لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە تەنیا بەرزکردنەوەی شاری سلێمانییە و فەرامۆشکردنی هەموو ناوچەکانی تری کوردستانە کە لەو قۆناغەدا بڕبڕەی پشتی شۆڕشی کورد بوونە، بەتایبەتی ناوچەی باڵەکایەتی و دەشتی هەولێر، کە ناکرێ خەباتی ئەم ناوچانە بەلاوە بنێی و شاری سلێمانی بەو شێوەیە گەورەیە زەق کەیەوە، لەسەر حیسابی چەند شارێکی دیکە، سەرباری ئەمەش تەنیا چالاکی یەکێتی بەم شێوەیە پڕ موبالەغەیە بخەیە ڕوو و دوورکەیەوە لە لایەنی مێژوویی، هەرچەندە دەزانین یەکێتی بەشدارێکی چالاکی شۆڕشەکانی کوردبووە، چونکە لە دەستپێکی دراماکە ئاماژە بۆ ئەوەکراوە کە ئەمە یادەوەریی و بەسەرهاتی دەرهێنەرە، مادام وشەو پەیڤی یادەوەری کراوە بە تایتڵی سەرەکی دراماکە، ئەوا دەبێ وەکو خۆی شتەکان بخرێتە ڕوو و لایەنە چاک و خراپەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزی حکوومەت بخرێتە ڕوو،چونکە مێژوو بە شەخسێکی بەومجۆرە چەواشە ناکری هەمدیسان وەکو لەم درامایە دەبینرێ بەشێوەیەکی نارەوا هێرش کراوەتە سەر پێشمەرگەکانی هەولێر، بەجۆرێک هەرکاتێ کە پێشمەرگەکانی هەولێر پیشاندەدرێ، ئەوا یەکسەر دەیبەستنەوە بە حەیران، بەواتایەکی نزیکتر وای پیشاندەدات کە هێزی هەولێر تەنیا خەریکی حەیران گووتن بوونە نەوەک خەبات و خەباتی کوردیش تەنیا بە یەکێتی و بە سلێمانی بە ستراوەتەوە، سەرباری ئەمەش حیوار و گفتوگۆکانی هێزی هەولێر بە شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی خراونەتەڕوو، کە ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بە سەردەرهێنەردا تێپەڕیوە، کەدەبوایە چۆن گفتوگۆ یە عەرەبییەکان وەک خۆی خراونەتە ڕوو، هەروەهاش دەبوایە حیوارەکانی هێزی هەولێر بە شێوەی ئاخاوتنی هەولێر بخرا بوونایە ڕوو،کە دیارە جەنابی دەرهێنەر ئەوەندە ڕق لە دڵە بەرانبەربە هەولێر، هەر بۆیە تەنیا پشتی بە هونەرمەندانی سلێمانی بەستووە،و شارەکانی تری پشت گوێ خستووە. هەروەها چەند دیمەنێکی تری نێو درامایەکە، دیسان لایەنی مێژوویی و لایەنی زانستی پشت گوێ خستووە و پەنای بردۆتە بەر خەیاڵ، بەجۆرێک وەک دەبینرێ هێزی حکوومەت لەم شارە بە تەواوی تێک شکاوە و ڕۆژانە زەبری توندییان بەرکەوتووە، ئاخۆ ئەگەر حکوومەت بە وشێوە بوو، ئای چۆن ئاوها درەنگ رووخا، زۆرجار پیاوانی حکوومەت هێندە بەلاوازی نیشانددەدرێن کە بەڕاستی قەت تەسەوڕناکرێت حکوومەت بەردەوام ئاوا لاواز بوبێت، گرتەیەکی دیکە کەبەڕاستی زۆر جێگای پرسیارە هاتنە ناوشاری جوانەو پێشمەرگەکانە کە بە ئاسانی و بێ کێشەو سەرئێشە لەناو شارو گەڕەکەکانی سلێمانی تەراتێن تێدا دەکەن بەبێ ئەوەی بچووکترین کێشەیان بۆ دروست بێت،

دیارە مێژوو ڕوداوێکی گرنگ و گەورەو کاریگەرە و دەبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا زۆر هەستیارانە هەڵس و کەوت بکەیت، ئێمە پێمان وابوو جەلیل زەنگە یەکێکە لەو دەرهێنەرانەی کە وردەو هەڵەناکات، بەڵام وابزانم غەدرێکی گەورەی لە مێژووی ئەم چەند ساڵەی دوای کردووە، ئەوەی بەلامەوە زۆر سەیرەو بۆم ڕوون نەبۆتەوە ئەوەیە کە فیلمی گەردەلول تەواو بوو، بەڵام هێشتا بۆ هاوڵاتیان ڕوون نەبۆتەوە سیناریۆنوسی فیلمەکە "جەلیل زەنگەنە" یە یان " جوتیار ناشاد"؟.

# سیاسەتی وەکیەک لێکردن و کوشتنی جیاوازی

سوارە سەباح ❊

**زۆر هۆکارهەن** کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە بەشێوەیەکی گشتی لەزۆر لایەن و ڕووەوە بە یەکتربچن، واتا لێکچوون و لێکنزیکیەکی زۆر لەنێوانیاندا دەبینرێ و کەمتر بەعەقڵیەتی جیاواز بیر دەکەنەوەو مەودای فیکری و تێڕوانینیان سنوردارکراوە، واتە تا ئێستاش کۆیلەی کۆمەڵێک هۆکارن، کەواتە تاکەکانی ئێمە زۆریان ماوە بگەن بەقۆناغی تاکگەرایی و وەک بوونەوەرێکی ئازادو خاوەن ئیرادە بیرناکەنەوە، بۆیە ناشتوانن خۆیان بەرنامەو پلان بۆ ژیانی خۆیان دابنێن. جا بۆ ئەمانەش کۆمەڵێک بەربەست و هۆکارهەن.

بۆنموونە ئاین، ئایین یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هەمیشە بەو ئایدەلۆژیایەی کەکاری لەسەر دەکات، دەیەوێ دەسەڵاتی بەسەر تەواوی تاکەکان هەبێت و هەموویان وەکیەک لێبکات و کار لەسەر عەقل و بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان دەکات، نایەوێ هیچ کەس لە دەرەوەی ئەو ئاینە بیر بکاتەوە، هەموو ئەو کۆمەڵگایە لە دەرەوەی ئەو ئاینە بیربکاتەوە، هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەڕووی ڕەگەزو نەتەوەو......لەیەکتر جیان، بەڵام بەهۆی ئەوەی یەک ئایینی ڕەسمی تیایاندا دەسەڵات دارە بووە بە هۆی ئەوەی کە تاکەکانیان لەیەکتر بچن، بۆنموونە تاکێکی کۆمەڵگای ئێمە لەگەڵ تاکێکی کۆمەڵگای سعودی سەرەڕای جیاوازی نەتەوەو ڕەگەز، بەڵام لەڕووی عەقڵی و بیرکردنەوەو لەیەکتر دەچن، چونکە ئاین کاریگەری لەسەر تەواوی مرۆڤەکان داناوە، بەڵام گەر کەسێک هەر چەندە باش و چاکەکاریش بێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە سەر بەو ئاینە نییە، ئەوا بە چاوێکی نزمتر سەیری دەکرێت بۆیە زۆرجار بەبێ دین و مولحید ناو دەبرێت، تەنانەت ئەمە بۆ ئەو کەسانەش هەروایە کە پەیڕەوی، ئاینی تر دەکەن، کەواتە ئاین لێرەدا نایەوێ ئەو جیاوازییە هەبێت و دژی دەوەستێت، چونکە مەبەستی ئەوە هەموو کۆمەڵگا پەیڕەوی لەو ئاینە دیاری کراوە بکەن، بۆ نموونە ئاینێکی وەک ئیسلام، هەر چەندە ئەو ئاینە دۆگماو داخراویش بێت، بەڵام هەموو ئاینەکانی پێش خۆی ڕەتدەکاتەوەو بانگەشەی ئەوە دەکات، کەبۆئەوەی مرۆڤ لە هەردوو دنیا خۆشبەخت و سەرفرازبێت، ئەوا دەبێ بە هەموو بەرنامەو بەندو یاساکانی ئەو ئاینە ڕازی بێت.

هەر بۆیە حزبەکانیش بەهەمان عەقڵیەت کاردەکەن و دەیانەوێ بۆ ئەوەکاربکەن کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بکەن بە ئەندامی خۆیان و دژی حزبی تر کاربکەن جا بە هەڕەشەبێت یان بەڕێککەوتن تاوەکو نەیەنە پێشەوەو تەنانەت جاری وا هەیە حزبی تر دروست دەکەن، تەنیا بۆئەوەی کە پیشانی بدەن کە ئێمە ڕێز لە فرەگەرایی و پلۆرالیزم دەگرین، کەواتە حزبە گەورەکانیش ترس و گومان بەشێک لە سیاسەتی ئەوانی داگیرکردووە و دژی نوێگەری و هێزو حزبی ترن، تەنانەت زۆرجار فشار بۆ خەڵک دەهێنن تاوەکو بێنە ناو ڕیزەکانیانەوەو فێری ئەو ئایدەلۆژیاو بەرنامانەیان بکەن کە لەسەری دامەزراون، بۆنموونە زۆرجار ئەگەر هاوڵاتیەک سەر بەحزبێکی دیاریکراو نەبێت و کاری بەو هەبێت ئەوا کارەکەی بۆ جێ بەجێ ناکەن، هەر چەندە کارەکە زۆر سادەش بێت، لەهەمان کاتدا ئەگەر کەسێک سەربەخۆبێت یان سەربەحزبێکی تر بێت ئەوا زۆرجار سانسۆرو چاودێری دەکرێت، کەواتە حزبەکان هەمیشە دەیانەوێ پارێزگاری لە کورسی و دەسەڵاتی خۆیان بکەن و نایانەوێ بەئاسانی حزبی تر شوێنی ئەوان بگرێتەوە، هەر ئەو عەقلیەتەی حزبە گەورەکانەکەتاوەکوئێستاش ئۆپۆزسیۆنێک دروست نەبووە کە بڵێی (نا)، تەنانەت زۆرجار ئەگەر کۆمەڵێک گەنج و لاو ڕێپێوان و خۆپیشاندان بکەن بۆ داواکردنی مافەکانی خۆیان، ئەوا بەگێلەشێوێن و تێکدەر ناویان دەبەن کەواتە حزبە گەورەکان دژی هێزو لایەنی تازە کاردەکەن و خۆپەرستی و خۆبەزلزانین بەشێک لەپێکهاتەی ئەوحزبانە پێک دەهێنێ، هەر بۆیە ئەمەش جۆرێکە لەسیاسەتی گەندەل و ئەوکۆمەڵگایانەی کە حزب بەو شێوە سەرکووت کەرە کار بکات جا چ لەسەر ئاستی ناوەخۆی حزبەکەبێت یان لەسەر ئاستی کۆمەڵگا، ئەوا تووشی دواکەوتوویی و داخراویی دەبێت و ترسی لەئایندە هەیە، هەربۆیە هەر بە کۆنپارێزی دەمێنێتەوەو بەرتیل و ڕەشوەو گەندەڵی و.......تووشی ئەو حزبانە دەبێت بەمەش تاکەکان ناتوانن پەیڕەوی لەو حزبە بکەن کە خاوەن سیاسەتێکی باشە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا کاردەکات و لەچوارچێوەی تەسکی حزبایەتی خۆی بەدوور دەگرێت و جیاوازی لەنێوان هاوڵاتیان ناکات لەسەر بنەمای حزبایەتی، لەوانەش سەیرتر ئەوەیە کە ئەو حزبانە هەمیشە بانگەشە بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەکەن.

هۆکارێکی تریش کە دەسەڵاتی خۆی، بەسەرتاکەکان ئەویش ئەوکلتورە نەزۆکەیە کە لە ناوخێزان فێری دەبین، چونکە لێرەدا سەرۆک خێزان (باوک) هەوڵدەدات هەموو ئەو داب و نەریت و بەهایانەی کە لەباب و باپیرانەوە بۆ ئەو گواستراونەتەوە، ئەویش دەیەوێ بیان گوازێتەوە بۆ مندال و نەوەکانی و نایانەوێ ئەندامانی لەچوار چێوەی دەسەڵاتی خۆی دەربچن، بەڵام ئەو کلتورو داب و نەریتەی کەلەناو خێزان دا کاری لەسەر دەکرێت، ناتوانن مرۆڤێکی خاوەن ئیرادەو ئازادو بەتواناو مرۆڤ دۆست بەرهەم بهێنن، چونکە لەگەڵ سەردەمی ئێستادا هەڵناکەن، واتە بە ڕابردووەوە بەندن و لەئێستاو ئایندەدا جێگایان نابێتەوە، هەربۆیە ئەو کلتوورەی ناو خێزان چوار چێوەیەک و سنورێک بۆ تاک دادەنێن کەنابێ لێی لابدات و بەشێوازی جیاواز بیربکاتەوەو خۆی لێیان بەدوور بگرێت.

هەموو ئەو هۆکارانەش بوونەتە هۆی بەربەست لەبەردەم دروست بوونی تاکێکی خاوەن ئیرادەو ئاڕاستەو بیرکردنەوەی جیاواز، کەواتە تاک لە قالب دەدرێت و ناتوانێ بە ئاسانی ئەو کۆت و بەندانە تێکبشکێنێ و خۆی لێیان دەرباز بکات.

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە بڵێین هێشتا زۆرمان ماوە بکەین، بەو تاکگەراییەی (دیکارت) کە دەڵێ (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم)، چونکە لێرەدا تەنیا پێشمان ناڵێ کە مرۆڤ خۆی خاوەن عەقڵەو دەبێ خۆی بیربکاتەوەو بەرنامەی بۆ ژیان هەبێت، بەڵکو ئەوەشمان پێدەڵێت کەدەبێ خۆمان ڕزگار بکەین لەهەموو ئەو هێزانەی کە فشارمان بۆ دەهێنن و هەوڵدەدەین بۆ گەیشتن بە ئازادی ڕاستەقینەو نەهێڵین کەسانی تر لەجیاتی ئێمە بیربکەنەوە، چونکە ئەگەر وانەبێ مانای وایە کە ئێمە نین، چونکە لێرەشدا شۆڕشی تاک دەست پێدەکات، لەلایەکی ترەوە (ئەلبەرت کامۆ) هەر بەوەندە ناوەستێ کە بڵێ ئێمە دەبێ بۆ خۆمان بیر بکەینەوە، بەڵکو دەبێ ڕێز لەبیروڕای جیاوازیش بگرین و دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە سروشتی تاک لەیەکترجیان، کەواتە ئاساییە بیروڕاشمان جیابێت وەک دەڵێ (ئەگەر هەموومان وەک یەک بیربکەینەوە، کەواتە هیچمان بیر ناکەینەوە)، هەر ئەم هۆکارانەش بوونەتە هۆی ئەوەی ئەوان شۆڕشی فکری و ڕۆشنبیری بەرپا بکەن و کۆمەڵگا لە سە ر ئەساسێکی تەندروست بنیاد بنێت، کەسانی وەک (گالیلۆ و دیکارت و کۆپەرنیسکۆس و سوقرات و........) ئەگەر وەک کەسانی تر بیریان بکردبایەوە، ئەوا نەیاندەتوانێ گەشە بە فکرو تێڕوانیەکانیان بدەن و نەشیان دەتوانی کۆت و بەندی کۆمەڵگا تێکبشکێنن، هەروەک دەبینین چەندان شۆڕش بەپا دەکەن وەک پیشەسازی و ڕۆشەنگەری و مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە، ئەمانە هەمووی بەرهەمی جیاوازی بیرکردنەوەو ئازادی بیرکردنەوەن، هەربۆیە ئێمەش پێویستمان بە شۆڕشێکی فکری و ڕۆشنبیری هەیە، دەبێ زەمینە برەخسێت بۆ تاک تاوەکو بە ئازادی بیربکاتەوەو خۆی بڕیاری ژیانی خۆی بدات وکەسی ترلەجیاتی ئەو بیر نەکاتەوەو چیتر خۆمان بە پەتی ڕابردووەوە هەڵنەواسین، بەڵکو ڕیفراندۆم و چاکسازی بکەینە بەرنامەو سەیری ئایندە بکەین، پشت لە ڕابردوو بکەین و هەموو ئەو ترادیسۆن و ستراکتۆرانە لەناو ببەین کەتاک دەکەن بەکۆیلەو لەجیاتی ئەوان بەهاونەریت و کلتوری تازە دروست بکەینەوە هەرچەندە ئەمە بەڕۆژێک و دوو ڕۆژ نایەتەدی، بەڵام میلێک بە هەنگاوێک کەم دەبێتەوەو لەهەمووشی گرنگتر کارکردنە لەسەر عەقڵی تاکەکان، ئەگەر هەنگاوی جدیش نەنرێت، ئەوا نەوەیەک لەدوای یەکەکانمان دەبنە کۆپی ئەوانی پێش خۆیان و هیچ گۆڕانکارییەک دروست نابێت.

هەر بۆیە ئەو هۆکارانەی کە باس کران کە بوونەتە هۆی دروست نەبوونی تاکێکی بەرهەم هێن و داهێنەرو خاوەن مەعریفەو تێڕوانینی جیاواز، ئەگەر گۆڕانکاریان تیادا ڕوونەدات ئەوا تاک و کۆمەڵگای ئازاد هەرگیز دروست نابێت.